دادگای فیدراڵی تانەدان لە ساختەکاری خشتەکانی بودجەدا ڕەتدەکاتەوە

دادگای باڵای فیدراڵی ، ئەمڕۆ چوارشەممە (12ی شوباتی 2025)، ئەو تانەیەی ڕەتکردەوە کە سەبارەت بە ساختەکاری لە خشتەکانی بودجەدا تۆمارکرابوو بەهۆی نەبوونی بەرژەوەندی کەسییەوە.

پەرلەمانتار محەمەد خەفاجی لە پۆستێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویکردەوە، "دادگای باڵای فیدراڵی ئەو تانەیەی ڕەتکردەوە کە بە ساختەکردن لە خشتەکانی بودجەدا تۆمارکراوە بەهۆی نەبوونی بەرژەوەندی کەسییەوە".

بەشی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاندووە، "ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر ڕەشنووسی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی کۆماری عێراق بۆ ساڵانی دارایی (٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥) ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ داوە".